وەزارەتـی نــاوخــۆ
ئـیدارەی گـــەرمیـان
بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان
ژمارە : ١٠٨٧
ڕێکەوت : ٢٣ / ٤ / ٢٠٢٤

---

## بانگهێشتی کەمکردنەوەی سنووردار
## ژمارە(GP.11- 2023) تەندەری پرۆژەی
## (پرۆژەی ئاوی گوندی بنەکە لە ناحیەی ئاوەسپی (لێدانی بیری قوڵ و دانانی تانکی ئاو و ڕاکێشانی تۆڕی ئاو بۆ گوندی بنەکە) بۆ جاری سێیەم
## کەمکردنەوەی نهێنی / بانگهێشتی کراوە

ئاگـــاداری ســـــەرجەم بەڵێنـــــدەر و کۆمپانیاکــــان دەکەیـــــنەوە کە تەنــــدەر ی پـــــرۆژەی نــــاوبراوی ســــەرەوە هەیە , کە ئامــــادەکراوە لە لایەن ( بەڕێـــوەبەرایەتی ئــاوی دەوروبەری گەرمیـــان ) , لەســـەر بـــودجەی وەبەرهێنــانی وەزارەتـــی شـارەوانی گەشـت و گـوزار جێبەجـێ دەکرێـت , هەرکەس ئـارەزووی بەشـداری کردنـی هەیە بـا سـەردانی ب.ژمێریـاری لە دیـوانی ئیـدارەکەمان بکـات بەمەبەسـتی وەرگرتنـی تەنـدەر . مـاوەی جـێ بەجێکردنـی پـرۆژەکە ( ١٢٠ ) سـەد و بیسـت ڕۆژی تقویمی یە.

- ئەم ئەم کەمکردنەوەیە سنووردارە , بەپێی ماددەی ( ٣٩ ) بڕگەی ( پێنجەم ) لە ڕێنمایی جێ بەجێکردنی گرێبەستە گشتی یەکان ژمارە( ٢ ) ساڵی (٢٠١٦) جێ بەجێ دەکرێت .
- وەرگرتنـی تەنـدەر لە ڕۆژی ( چـوار شـەممە ٢٤ / ٤ /٢٠٢٤)وە دەسـت پـێ دەکـات تـا ڕۆژی ( پێـنج شـەممە ٩ / ٥ / ٢٠٢٤) کاتژمێر ( ٩ )ی سەر لە بەیانی تا ( ١١:٠٠ ) ی پێش نیوەڕۆ لە ئیدارەی گەرمیان بێ بەرامبەر دەبێت بۆ هەر کۆمپانیـا و بەڵێنـدەرێک لە خۆی ڕادەبینێت .
- دوا کاتی گەڕانەوەی تەندەر ڕۆژی (دوو شەممە ١٣ / ٥ / ٢٠٢٤) کاتژمێر (١١:٠٠ )ی پـێش نیـوەڕۆ یە و ڕۆژی ئاشـکرا کردنـی تەنـدەر لە هەمان ڕۆژ کاتژمێر (١١:١٥)ی پێش نیوەڕۆ یە و لە کاتی پشووی فەرمی دا دوا دەخرێت بۆ ڕۆژی دواتر.
- ئەکرێت پێش کڕینی تەندەر خوازیار بۆ بەشداری کردن سەیری بەڵگەنامەکانی تەندەر بکات.
- بەشداربوان بۆ هەر پرسیار و ڕوونکردنەوەیەك لەسەر تەندەری پرۆژەکە دەتوانن سەردانی ئیدارەی گەرمیان بکەن .
- مەرجەکان:

١- پێویستە ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرانەی کەبەشداری دەکەن پلەی پۆلێنکردنیان ( ٢ تا ٨ ) بێت وە پێناسـی وەزارەتـی پـلان دانـان و یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان یان عێراقیان (ئەوانەی کە تۆمارن لە هەرێمی کوردستان ) هەبێت.

٢- بەڵێنامەی نووسراوی لە ئەستۆگر ( التعهد الخطي الضامن ) بەپێی وێنەی هـاوپێچ لە بەڵگەنامەکـانی تەنـدەر دا هەیە پێویسـتە لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر پڕ کرابێتەوە لەلایەن پێشکەش کـاری تەنـدەر وە مـۆر وواژۆی لەسـەر بێـت و پەسـەند کرابێـت لەلایەن فەرمانگەی داد نووس یان ب.کاروباری یاسا لە دیوانی ئیدارەی گەرمیان .

٣- ماوەی کار پێ کردنی تەندەرەکان ( مدة نفاذ العطاءات ) (٩٠) نەوەد ڕۆژە لە ڕۆژی کردنەوەی تەندەرەوە دەست پێ دەکات .

٤- پێویستە ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پشتگیری بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان یان هەبێت کە هیچ کەم و کورتی یەکی یاساییان نیە .

٥- پێویستە ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن ئەستۆپاکی باجی دەرامەتی ساڵی (٢٠٢٤) یان هەبێت .

٦- فەرمانگەی گرێبەستکردن بۆی هەیە پرۆسەی تەندەرین پێش نووسـراوی سـپاردن بـۆ بەرژەوەنـدی گشـتی بە هـۆکاری پێویسـت هەڵبووەشێنێتەوە .

٧- دەسەڵاتی گرێبەست پابەند نی یە بە قبوڵ کردنی کەمترین نرخی تەندەر

جلال نوری عبدالقادر
سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان/بەوەکالەت